# وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی

## ( ڕێنمایی خێزانی جێگرەوە )

**تێبینی:**

1. دەقی کوردی ڕێنمایی خێزانی جێگرەوە، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەپارێزگای سلێمانی ئامادەکراوە، لە پێناو تێگەیشتنی لەلایەن کارمەندان و هاوولاتیانەوە کاری پێدەکرێت تا ئەو کاتەی وەزارەت بە فەرمی دەقی کوردی ڕێنماییەکە بلاو دەکرێتەوە.
2. ئەم ڕێنماییە لە ژمارە (206)ی ڕۆژی 31ی 1ی 2017ی ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بلاوبووەتەوە.

بە پشت بەستن بە برگەی (2) لە ماددەی (105)و بە ئاماژە بۆ ماددەی (37) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی، ژمارە(126)ی ساڵی 1980ی هەموارکراو، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

# ڕێنمایی خێزانی جێگرەوە، ژمارە (1)ی ساڵی 2017

### ماددەی یەکەم/ پێناسەکان:

مەبەست لە ئاماژەو دەستەواژەکان لەم ڕێنماییە ئەم مانایەنەیە کە بەرانبەریان نووسراون:

یەکەم/ هەرێم: هەرێمی کوردستان/عێراق.

دووەم/ وەزارەت: وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم.

سێیەم/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاو ئیدارەکانی هەرێم.

چوارەم/ بەڕێوەبەرێتی: بەڕێوەبەرێتی چاودێریی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاو ئیدارەکانی هەرێم.

پێنجەم/ خێزانی جێگرەوە: بریتییە لەو خێزانەی کە منداڵ لە رووی بایۆلۆجییەوە سەر بەوان نییە، بەڵام پێی سپێردراوە تا لە ئامێزیدا چاودێریی بکرێت و بپارێزرێت و پەروەردەبکرێت و ئەوەی بەهەر هۆیەك لە دەستی داوە لە سۆزو خۆشەویستی بۆی قەرەبوو بکرێتەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. (پێکدێت لە ژن و مێر، یان ژن یان ئافرەت بە تەنها خۆی چ جیابووەوە بێت یان بێوەژن یان هەرکەسێك هەمان حوکمی هەبێت)

شەشەم/ منداڵ: هەموو کەسێکی ئاسایی کە تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو نەکردبێت.

حەوتەم/ چاودێری جێگرەوە: دابینکردنی پێویستی و داواکارییە پێویستەکان بۆ پەروەردەکردنی منداڵ و گەشەی لە خێزانی جێگرەوەدا، هەروەها قەرەبووکردنەوەی ئەو سۆزو خۆشەویستییەی لە خێزانەبایۆلۆجییەکەی خۆی لەدەستی داوە، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

هەشتەم/ ڕێککەوتنی چاودێری جێگرەوە: بریتییە لە ڕێککەوتنی واژۆکراوی نێوان داواکارو بەڕێوەبەرایەتی/ هۆبەی خێزانی جێگرەوە.

نۆیەم/ گرێبەستی سپاردنی منداڵ: ڕێککەوتنی نێوان بەڕێوەبەرایەتی‌و خێزانە جێگرەوەکەیە بۆ سپاردنی منداڵ پێی.

**ماددەی دووەم:**

ئامانجی چاودێری جێگرەوە بریتییە لە دابینکردن‌و ڕەخساندنی هەموو جۆرەکانی چاودێری بۆ ئەو منداڵانەی کە چاودێریی خێزانی دەیانگرێتەوە هەروەها پەروەردەکردنیان بە پەروەردەیەکی ڕاست‌و دروست‌و قەرەبووکردنەوەی ئەو سۆزو خۆشەویستییەی لە دەستیانداوە لە چوارچێوەی ڕەخساندنی ژینگەیەکی خێزانی جێگرەوە بۆیان.

**ماددەی سێیەم:** جۆرەکانی چاودێری جێگرەوە بە پێی کات:

کاتی چاودێری (مانەوەی منداڵ لەناو خێزانی جێگرەوەدا) دابەش دەبێت بۆ:

یەکەم/ سپاردنی کت‌و پڕ: زۆرترینی درێژ دەبێتەوە تا 6 مانگ.

دووەم/ سپاردن بۆ ماوەیەکی کورت: زیاتر لە 6 مانگ بۆ 3 ساڵ.

سێیەم/ سپاردن بۆ ماوەیەکی درێژ: زیاتر لە 3 ساڵ تا ئەو کاتەی منداڵ تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو دەکات.

چوارەم/ دەکرێت خێزانی جێگرەوە بەردەوام بێت لە لەخۆگرتنی منداڵ‌و چاودێریکردنی تا ئەو کاتەی خوێندنی زانکۆیی تەواو دەکات بە ڕێککەوتنی هەردوولا، تایبەت بە کچانیش تا ئەو کاتەی هاوسەرگیری دەکەن.

**ماددەی چوارەم/** ئەو مەرجانەی پێویستە هەبن بۆ ئەوەی منداڵێك چاودێری جێگرەوە بیگرێتەوە:

یەکەم: منداڵێك کە بەدەست گرفتە خێزانییەکانەوە گرفتارە یان چاودێری دایك‌و باوك یان یەکێکیانی بەهەر هۆکارێك لەدەستداوە یان ناشایستەیی دایك یان باوك یان هەردووکیان یان ( وصی)و (متولی)یەکەی یان بەهەر هۆکارێکی تری پێویست.

دووەم: پێویستە تەمەنی لە هەژدە ساڵ کەمتربێت.

سێیەم: پێویستە لە یەکێك لەماڵەکانی تایبەت بە چاودێری نوجەوانان بمێنێتەوە بۆ ماوەیەك کە بەڕێوەبەرێتی دیاریدەکات بەر لەوەی پەیوەندی بە خێزانە جێگرەکەوە بکات.

## ماددەی پێنجەم:

یەکەم/ ئەو مەرجانەی پێویستە لە خێزانی جێگرەوەدا هەبن:

أ ـ عێراقی بێتو دانیشتوی هەرێم بێت.

ب ـ شایستەیی یاسایی هەبێت.

ج ـ بە خوو ڕەوشتی پەسەندو باش ناسراوبێت.

د ـ نەخۆشی گوازراوەی نەبێت.

هـ ـ توانای لە خۆگرتنو بەخێوکردنی منداڵو دابینکردنی خزمەتگوزاری چاودێری جێگرەوەی هەبێتو نیازپاك بێت.

و ـ پێویستە هەریەکە لە ژنو پیاو تەمەنیان لە 25 ساڵ زیاتر بێت.

دووەم/ ئەو بەڵگەنامانەی پێویستە پێشکەشیان بکات:

أ ـ داواکارییەك کە لەلایەن هەردوو هاوسەرەوە واژۆکرابێت ئەگەر لە ژیاندا بوون، یان کەسێك کە مافی پێشکەشکردنی داواکاری هەیە.

ب ـ ڕەگەزنامەی عێراقیو ناسنامەی باری شارستانیو کارتی زانیاریی.

ج ـ ڕاپۆرتێکی پزیشکی کە لە لایەنێکی پزیشکی تایبەتمەندو متمانەپێکراوەوە دەرچووبێت.

د ـ نووسراوی پشتگیریی ئاسایش.

هـ ـ بەڵگەنامەیەك بیسەلمێنێت پێشینەی تاوانکاری نییە.

سێیەم: پێویستە پێشکەشکاری داوا خولێکی تایبەت بە پەروەردەی منداڵی پێسپێردراوی بینیبێت.

**ماددەی شەشەم/** پێکهێنانو ئەرکەکانی هۆبەی خێزانی جێگرەوە:

یەکەم/ پێکهێنانی هۆبەی خێزانی جێگرەوە:

وەزارەت هەڵدەستێت بە پێکهێنانی هۆبەیەك لە بەڕێوەبەرێتییەکان بەناوی (هۆبەی خێزانی جێگرەوە) کە پێکدێت لە:

أ ـ بەرپرسی هۆبە: کارمەندێك کە هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی تایبەتمەندبێتو شارەزایی لە بوارەکەدا کەمتر نەبێت لە سێ ساڵ.

ب ـ ژمارەیەك توێژەری کۆمەلآیەتی: ژمارەیان بە پێی پێویستی کار دیاریدەکرێتو ڕاهێنانیان پێدەکرێت لە بواری خێزانی جێگرەوەدا، بەمجۆرە:

1ـ پێویستە ژمارەیەکیان تایبەت بن بە خێزانی جێگرەوە ( ئەوانەی داوای چاودێری جێگرەوە دەکەن)، بە مەرجێك ژمارەی خێزانەکان لە 15 خێزان تێپەڕ نەکات بۆ هەر توێژەرێك.

2- پێویستە ژمارەیەکی تریان تایبەت بن بە کارکردن لەسەر ئەو منداڵانەی بە خێزانە جێگرەوەکان دەسپێردرێن (سودمەندان) بەمەرجێك هەر توێژەرێك مامەڵە لەگەڵ زیاتر لە 15 منداڵ نەکات.

3- دەکرێت توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ڕابسپێردرێت بۆ مامەڵەو هەڵسو کەوتکردن لەگەڵ ژمارەیەك لە خێزانو منداڵ بەمەرجێك لە خێزانە جێگرەوەکان نەبن.

ج - ژمارەیەك لە کارمەند کە بەپێی پێویستیو جۆرو قەبارەی کار پسپۆڕیو بڕوانامەکانیان دیاریدەکرێت.

دووەم/ ئەرکەکانی هۆبە:

أ - وەرگرتنی داواکارییەکانو تۆمارکردنیان بە هاوپێچی هەموو بەڵگەنامە پێویستەکانەوە، هەروەها لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی داواکانو نووسینی ڕاپۆرتی کۆتاییو پێشنیازەکانو بەرزکردنەوەیان بۆ لیژنەی چاودێری جێگرەوە.

ب - پێشکەشکردنی زانیاریی تایبەت بە چاودێری جێگرەوە بۆ پێشکەشکارانی داواکارییەکان.

ج - هەستان بە ڕاهێنانی پێشکەشکارانی داواکاری لەسەر چۆنییەتی مامەڵە لەگەڵ منداڵو پەروەردەکردنیانو پێشکەشکردنی هەموو خزمەتگوزارییە ژیانییە جیاوازەکان بۆیان.

د - دانانی تۆمارو دۆسیەی تایبەت بە خێزانە جێگرەوەکانو ئەو منداڵانەی ڕێنماییەکان دەیانگرێتەوەو پاراستنی نهێنییەکانیان.

هـ - ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی بۆ خێزانە جێگرەوەکانو ئەو منداڵانەی پێیان سپێردراونو سەرپەرشتیکردنیان بۆ دڵنیابوونەوە لە ئاستی جێ بەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی داویەتیو پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ ئەو گرفتانەی کە بەهۆی گۆڕینی ژینگەی منداڵەکەوە هاتوونەتە پێشو بەدواداچوونی بەردەوام بۆیان.

و - سەردانیکردنی منداڵ لە قوتابخانەو هاوکاریکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە چاودێریکردنو بە دواداچوونو ڕێنماییکردنو وەستان لەسەر گرفتەکانیو چارەسەرکردنیان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسەکانی.

ز - پیاچوونەوە بە پلانی چاودێری تایبەت بە خێزانە جێگرەوەکانو منداڵ.

ح - پەیوەندی بە خێزانی بایۆلۆجی منداڵو پێشکەشکردنی پشتیوانی پێویستو پەیوەندییان بە منداڵەکەیان ئەگەر بەرژەوەندی منداڵەکە ئەوەی خواست.

گ - کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر ئەو کەسانەی داواکاری پێشکەشدەکەن بۆ ئەوەی منداڵێکیان پێ بسپێردرێت، هەروەها پەیوەندیکردن بە لایەنی پەیوەندیدارو ڕێکخراوی تایبەتمەند لەو بوارەو ڕیشسپی ناوچەکەو بۆ دڵنیابوونەوە لە زانیارییە پێشکەشکراوەکانو هەڵوێستەکردن لەسەر تواناییەکانیانو توانایان بۆ پەروەردەکردنی منداڵ لە هەموو ڕووەکانەوە.

## ماددەی حەوتەم:

یەکەم/ بە بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی لیژنەیەك پێکدەهێنرێت بۆ بینینی ئەو داواکارییانەی کە ئاراستەی کراون لە هۆبەی خێزانی جێگرەوەوە، بەمجۆرە:

أ ـ بەڕێوەبەری چاودێری کۆمەڵایەتی سەرۆك.

ب ـ بەرپرسی هۆبەی خێزانی جێگرەوە جێگری سەرۆك.

ج ـ کارمەندێکی یاسایی ئەندام.

د ـ نوێنەرێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەندام.

هـ ـ بەرپرسی هۆبەی تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتی ئەندام.

دووەم لیژنەکە سکرتێرێکی دەبێت کە بەڕێوەبەری چاودێری کۆمەڵایەتی دایدەنێت، هەڵدەستێت بە یەکخستنی نووسراو و بەڵگەنامەو تۆمارکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەکانو گەیاندنی ئاگادارینامەکانو هەر کارێکی تری پەیوەندیدار.

سێیەم: لیژنە مافی ئەوەی هەیە پەیوەندی بکات بە هەرکەسێکەوە کە بەپێویستی بزانێتو گفتوگۆی کاروبارەکان بکات لەگەڵ لایەنە متمانەدارەکانو کەسایەتیو ڕیشسپیانی ناوچەکەو ئەو ڕێکخراوانەی لەو بوارەدا کار دەکەن.

چوارەم:

أ ـ لیژنە دەسەڵاتی پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی داواکاری خێزانی هەیە بەمەرجێك هۆکار هەبێتو گەڕاندنەوەی داواکارییەکە بۆ هۆبە بە پێشنیارو ڕاسپاردەی پێویستەوەو دیاریکردنی تەمەنو ڕەگەزی منداڵو کاتی مانەوەی لای خێزان بە ڕێککەوتنی هەردوولا، هەروەها پێویستە ڕەچاوی دۆخی منداڵەکەو تەمەنی بکرێت لەکاتی سپاردنیدا بە خێزانی جێگرەوە وەك حاڵەتەکانی بوونی کورو کچی گەنجی هاوتەمەنو هاوڕەگەزی ئەو منداڵەی بە خێزانە جێگرەوەکە سپێردراوە، ئەمەش بە پێشنیاری هۆبەی خێزانی جێگرەوە.

ب ـ پێویستە لیژنە لەماوەی مانگێکدا بڕیاری خۆی بدات لە بەرواری گەیشتنی داواکارییەکە، بە هاوپێچی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنەکەوە.

ج ـ لەکاتی پەسەندکردنی داواکەدا، گرێبەستەکە لە نێوان خێزانەکەو بەڕێوەبەرایەتیدا واژۆ دەکرێت بە پێی نمونەیەکی تایبەت کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوە، بە پێی ئەو ڕێککەوتنەش خێزانەکە دەبێتە خێزانی جێگرەوە.

د ـ لەکاتی ڕەتکردنەوەی داواکەدا، داواکار مافی ڕەتکردنەوەی بڕیارەکەی هەیە لەلای بەڕێوەبەری گشتی لە ماوەی (15) ڕۆژدا لەو بەروارەوە کە بڕیاری ڕەتکردنەوەکەی پێدەگات، بڕیاری بەڕێوەبەری گشتیش یەکلاکەرەوەو کۆتاییە.

پێنجەم: هەرکاتێك پێویستی کرد لیژنە کۆبوونەوەکانی خۆی ئەنجامدەدات.

## ماددەی هەشتەم:

یەکەم/ ڕێکارەکانی ئامادەکردنی خێزانی جێگرەوە:

أ ـ پێشکەشکردنی داواکارییەك لەلایەن خێزانەوە.

ب ـ ڕوونکردنەوەی ڕێنماییەکانی تایبەت بە خێزانی جێگرەوە بۆ پێشکەشکارانی داواکاری.

ج ـ ێشکەشکردنی بەڵگەنامە پێویستەکان بە هۆبەی خێزانی جێگرەوە.

د ـ کۆکردنەوەی زانیاریی لەبارەی خێزانەکەوە.

هـ ـ ئامادەکردنو ڕاهێنانی خێزانەکە پاش وردبینیو هەڵسەنگاندن.

و ـ بەرزکردنەوەی داواکاریو بەڵگەنامەکان بۆ لیژنەی خێزانی جێگرەوە بۆ بینینو بڕیاردان لەسەری.

ز ـ لەکاتی پەسەندکردنی داواکارییەکەدا، ڕێککەوتنی نێوان خێزانو بەڕێوەبەرایەتی واژۆ دەکرێت.

دووەم: پاش واژۆکردنی ڕێککەوتننامە لەنێوان خێزانو بەڕێوەبەرایەتیدا، پێی گرێبەستێك کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوە منداڵەکە دەسپێردرێت بەخێزانەکەو هۆبەی خێزانی جێگرەوە هەڵدەستێت بە جێ بەجێکردنی ئەرکەکانی بە پێی ماددەی شەشەمی ئەم ڕێنماییە.

## ماددەی نۆیەم:

پێویستە هۆبەی خێزانی جێگرەو خول بکاتەوە بۆ خێزانە جێگرەوەکان بەمەبەستی ڕاهێنانو ئامادەکردنو پێدانی زانیاریی سەبارەت بە چۆنییەتی پەروەردەی منداڵی پێسپێردراو لە ڕووی پەروەردەییو کۆمەڵایەتیو تەندروستیو لە هەموو بوارەکانی تری ژیاندا، هەروەها پەیوەندی بەردەوام بەو خێزانانەوە بۆ پێشکەشکردنی ڕێنمایی پێیانو چارەسەرکردنی گرفتەکانیانو کەمکردنەوەو لادانی گرفتو ڕێگرییەکانیان کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەوەش لە ڕوانگەی سەردانە مەیدانییەکانەوە.

## ماددەی دەیەم:

یەکەم: پێویستە خێزانی جێگرەوە ڕەزامەندی بەڕێوبەرێتی بەدەستبهێنێت لەو حاڵەتانەی پێویست دەکات کە گۆڕانکاری لە بارودۆخی منداڵەکەدا بکرێت کە پێی سپێردراوە وەك ئەنجامدانی نەشتەرگەری یان گۆڕینی شوێنی قوتابخانەکەی یان پرۆسەی هاوسەرگیری ...، یان باردۆخێك کە پەیوندی بە خێزانە جێگرەکەوە هەیە وەك گواستنەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی یان سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی  وڵات یان لەنێو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

دووەم: خێزانی جێگرەوە مافی سپاردنی منداڵی پێ سپێردراوی نییە بە خێزانە بایۆلۆجییەکەی یان هەر خێزانێکی تر تەنها بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرێتی نەبێت.

سێیەم: لەسەر خێزانی جێگرەوە پێویستە هەواڵ بدات بە بەڕێوەبەرێتیو نزیکترین بنکەی پۆلیس لە کاتی هەڵهاتنی منداڵەکەی یان ونکردنی یان مردنی یان .... هتد.

**ماددەی یازدەیەم:**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی مافی هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستی سپاردنەی هەیە کە لەگەڵ خێزانە جێگرەوەکە ئەنجامدراوە بەر لە کۆتایهاتنی وادەکەی، بەم هۆکارانەی خوارەوە:

یەکەم: بەزاندنو شکاندنی ئەو مەرجو ڕێکارانەی کە پەیوەندییان بە چاودێری جێگرەوە هەیە لەلایەن خێزانە جێگرەکەوە، هەروەها پابەند نەبوونی بەو بەڵێنانەی لە گرێبەستی سپاردنەکەیدا هاتوون ئەوەش پاش ئاگادارکردنەوەی بۆ یەك جار بە پێشنیاری هۆبەی خێزانی جێگرەوە.

دووەم: پێشکەشکردنی داواکارییەك لەلایەن خێزانی جێگرەوەوەو پیشاندانی ویستی لە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی سپاردنەکە بەهەر هۆکارێك.

سێیەم: ئەگەر خێزانە بایۆلۆجییەکەی منداڵەکە داوایەکی پێشکەشکردوو و تیایدا ویستی خۆی خستەڕوو بۆ چاودێری منداڵەکەی بە ڕاسپاردەی هۆبەی خێزانی جێگرەوە پاش نەمانی ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی سپاردنی منداڵەکە لە ماڵەکانی نەوجەوانانی حکومەت، ئەوەش بەوجۆرەی بەرژەوەندی منداڵەکە بیخوازێت.

**ماددەی دوازدەیەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقائیعی کوردستان)دا دەچێتە بواری جێ بەجێکردنەوە.

**موحەممەد قادر موحەممەد**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

- کۆتایی -

**تێبینی:**

3. دەقی کوردی ڕێنمایی خێزانی جێگرەوە، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەپارێزگای سلێمانی ئامادەکراوە، لە پێناو تێگەیشتنی لەلایەن کارمەندانو هاوولاتیانەوە کاری پێدەکرێت تا ئەو کاتەی وەزارەت بە فەرمی دەقی کوردی ڕێنماییەکە بڵاو دەکرێتەوە.
4. ئەم ڕێنماییە لە ژمارە (206)ی ڕۆژی 31ی 1ی 2017ی ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاوبووەتەوە.